وەزارەتــی نـــاوخـــۆ
ئـیدارەی گـــەرمیـان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە :4032
ڕێکەوت : 20/ 11/ 2022

## بانگهێشتی گشتی

## **کەمکردنەوەی نهێنی/ژمارە(GP.41- 2022) تەندەری پرۆژەی**

## **(نۆژەنکردنەوەی (٢٦) قوتابخانەی سنوری قەزای کەلار/ زۆنی یەک)**

## **کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی کراوە**

ئاگـــاداری ســـــەرجەم بەڵێنــــدەر و کۆمپانیاکــــان دەکەیـــــنەوە کە تەنــــدەر ی پــــرۆژەی نــــاوبراوی ســــەرەوە هەیە , کە ئامـــــادەکراوە لە لایەن ( ب.گشـــتی پەروەردەی گەرمیـــــان ) , لەســــــەر بــــودجەی وەبەرهێنــــانی وەزارەتــــی پەروەردە بــــۆ ســــاڵی (٢٠٢٢) جێبەجــێ دەکرێـــت, هەرکەس ئـــارەزووی بەشـــداری کردنــــی هەیە بــــا ســــەردانی ب.ژمێریـــــــاری لە دیــــــوانی ئیـــــدارەکەمان بکـــــات بەمەبەســـــتی وەرگرتنـــــــی تەنــــــــدەر .
ماوەی جێ بەجێکردنی پرۆژەکە ( 180 ) سەد و هەشتا ڕۆژی تقویمی یە.

- ئەم کەمکـردنەوە گشـتی یە بەپێـی ڕێنمـایی جـێ بەجێکردنـی گرێبەسـتە حکومی یەکـان ژمـارە( 2 ) سـاڵی (2016) جـێ بەجـێ دەکرێت کە کراوەیە بۆ هەموو پێشکەش کارانی تەندەر .
- وەرگرتنــی تەنــدەر لە ڕۆژی (چوارشــەممە ٢٣/ ١١ /2022 )ەوە دەســت پــێ دەکـات تـا ڕۆژی (پێـنج شـەممە 8 / 12 / 2022) کاتژمێر ( 9 )ی سەر لە بەیانی تا ( 11:00 ) ی پێش نیـوەڕۆ لە ئیـدارەی گەرمیـان بەرامبەر بە ( 100,000) سـەد هەزار دینـار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کەم کردنەوەکەی بۆ دەردەچێت .
- دوا کاتی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی (یەک شـەممە 11 / 12 / 2022 ) کـاتژمێر (11:00 )ی پـێش نیـوەڕۆ یە و ڕۆژی ئاشـکرا کردنـی تەندەر لە هەمان ڕۆژ کاتژمێر (11:15)ی پێش نیوەڕۆ یە و لە کاتی پشووی فەرمی دا دوا دەخرێت بۆ ڕۆژی دواتر.
- ئەکرێت پێش کرینی تەندەر خوازیار بۆ بەشداری کردن سەیری بەڵگەنامەکانی تەندەر بکات.
- بەشداربوان بۆ هەر پرسیار و ڕوونکردنەوەیەك لەسەر تەنـدەری پـرۆژەکە دەتـوانن سـەردانی بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی پەروەردەی گەرمیان بکەن .

- مەرجەکان:

1- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کەبەشداری دەکەن پلەی پۆلێنکردنیان ( 2 تا 7) بێت وە پێناسی وەزارەتـی پـلان دانـان و یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان یان عێراقیان (ئەوانەی کە تۆمارن لە هەرێمی کوردستان ) هەبێت.

2- بەڵێنامەی نووسراوی لە ئەستۆگر ( **التعهد الخطي الضامن** ) بەپێی وێـنەی هـاوپێچ لە بەڵگەنامەکـانی تەنـدەر دا هەیە پێویسـتە لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر پڕ کرابێتەوە لەلایەن پێشکەش کـاری تەنـدەر وە مـۆر وواژۆی لەسـەر بێـت و پەسـەند کرابێـت لەلایەن فەرمانگەی داد نووس یان ب.کاروباری یاسا لە دیوانی ئیدارەی گەرمیان.

3- ماوەی کار پێ کردنی تەندەرەکان ( مدة نفاذ العطاءات ) (90) نەوەد ڕۆژە لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەرەوە دەست پێ دەکات .

4- پێویسـتە ئەو کۆمپانیـا و بەڵێنـدەرانەی کە بەشـداری دەکەن پشـتگیری بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی تۆمـارکردنی کۆمپانیاکـان یـان هەبێت کە هیچ کەم و کورتی یەکی یاساییان نیە .

5- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن ئەستۆپاکی باجی دەرامەتی ساڵی (2022) یان هەبێت .

6- فەرمانگەی گرێبەستکردن بۆی هەیە پرۆسەی تەندەرین پێش نووسراوی سپاردن بۆ بەرژەوەندی گشتی بە هۆکاری پێویست هەڵبووەشێنێتەوە .

7- دەسەڵاتی گرێبەست پابەند نی یە بە قبوڵ کردنی کەمترین نرخی تەندەر.

**جــلال نــــوری عبدالقـادر**

**سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان/بەوەکالەت**

**/ 11 / 2022**